www.kurdistannet.org
18-2-2006 11:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چاکسازی لە خوارەوە.. نیازی هەمە عەزیز

دوای چەندین شەڕی خۆبەخۆ و دواتر ئاشتبوونەوە و دوو سێ هەڵبژاردن و ئینجا دوا ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو لەسەر لکاندنەوەی ئێدارە دووڵەتکراوەکەی هەرێم، ئێستا خەڵکی کوردستان خۆیان بۆ قۆناغێکی نوێ و ژیانێکی نوێتر تەرخان کردووە، ئەمەش لە کەشی ڕەتکردنەوەی هەندێک و پشتگیری زۆرتری کوردستانیان بۆ ئەم ڕێکەیوتنە کە بەلای زۆر کەسی چاودێر و دیدگای دنیا دیتان ریکەوتنێکە کۆنکرێتی نیە و پایەکانی لەسەر بنەمای متمانە دانەمەزراوە.

بەڵکو وەکو دیفاکتۆیەکی ناچاری و بە قەولی ڕێبەرانی سیاسیمان (بەرژەوەندی بالای گەلەکەمان ئەوە دەخوازێ) . بەهەرحاڵ ئەم هەنگاوە بە بەدبینی سەیری نەکرێ و بە دیدێکی پڕ لە ڕەشبینەوە نیگاباران نەکرێ باشە چونکە هەرچۆنێك بێت (تا) لە (مەرگ) باشترە و ئاشتی و تەبایی لە گرژی چاکترە.

ئەوەی من مەبەستمە لەم گۆشەیەدا بیڵێم ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا ئەوەی ئەرکی نەتەوەییە و پێویستە لەسەر هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان داهێنانی تێدا بکەن شێوازی نوێ و ستایلی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنە کە لە تەمەنی سەردەمی ئازادیدا هەمیشە لە لایەن دۆست و دوژمنەوە بە بەڕێوەبردنێکی سەقەت و پڕ لە گەندەڵی و بێزراو ناسراوە.. دیارە گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن لە دنیادا دەردێکی جیهانگیرە و لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی دی جیاوازە. بەڵام گەندەڵی دەسەڵات و حکومەتی کوردی زۆر ئابڕووبەرانەیە و وێنەی لە دنیادا کەمە، بەشێوەیەك لە لووتکە و هەڕەمەکانی سەری سەرەوەی ئیدارەی کوردی

(بەرپرسان زۆربەیان بازرگانن!!) چ جای ئەوانەی خواری خوارێ!!

ئێمە لەقۆناغی ئایندەدا پێویستیمان بەوە هەیە خەڵك دەسەڵاتی هەبێ.. گەل حوکم بکات، چونکە لە گەڕانەوەدا بۆ خەڵك هەموو ماناکانی دیموکراسی دەدرەوشێنەوە.

بالەوە گەڕێین فلان حزب و فیسار لایەن لە هەڵبژاردندا زۆرینەی هێناوە و کورسیەکانی پەرلەمان و جانتاکانی وەزارەتەکان بەنسیبی ئەو بووە. ئەمە شتێکی سروشتییە و کەس لاری لێ نیە. بەڵام ئەوەی دروست نیە ئەوەیە کە لە فەڕاشێکەوە تاکو مودیر ناحیە و قایمقام و پارێزگار، لە بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانەوە تاکو ئەستێرە لەسەر شانەکان حزبە براوەکان قۆرخی بکەن.. ئەمە هەرگیز لەگەڵ لۆژیکی مەدەنیەت و دیموکراسیدا نایەتەوە! قەیناکات با پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی دەوڵەت بۆ حزبی سەرکەوتوو بێت، بەڵام حەق وایە بەڕێوەبەرانی شارەوانیەکان و دام و دەزگا خزمەتگوزاریەکان خەڵك هەڵیبژێرێ.. چونکە جەماوەر سەرچاوەی هەڵبژاردنە و هەر ئەویش ڕەش و سپی لە یەکتر جیا دەکاتەوە.. ئەگەر خەڵك دانانی سەرۆکی شارەوانی و مودیر ناحیە و قایمقام و پارێزگاری هەبێ، دەبێ حەقی لابردنی ئەوانەشی هەبێت.. لەم حاڵەدا جەماوەر دادگایەکی زیندوو دەبێ بۆ لێپرسینەوە لە کاربەدەستەکان.

بە پێچەوانەوە ئەگەر پڕۆسەکە هەر وابێ و ئەوانەی سەرەوە ئەوانەی خوارێ دانێن و لایانبەن.. ئەوە هەتا هەتایە گەندەڵی بەردەرگامان بەرنادات و چارەنووسی حزبەکانیشمان لە چارەنووسی حزبی (دایك) ی تورکیا و (کار) ی ئیسرائیلی و (فتح) ی فەلەستینی خا ستر نابێ و شانازیەکانی قوربانی و خەباتیشیان دەچێتە ئەرشیفەوە..

ڕانیە / شوباتی /2006